Sorani
Fler och växande företag

# شیرکەتی فرەتر و گەورەتربوو

رۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکەمان لاببەین، خراپتری بکەین؟ ئایا مۆدێلی سوێدیی پێشبخەین – یان وازی لێبهێنین؟

کۆمەڵگایەك کە بتوانێت خوێندن، توانستی کێبڕکێ و دڵنیایی بۆ هەمووان فەراهەم بکات – ئەوە مۆدێلی ئێمەیە بۆ پەیداکردنی کاری زێدەتر. ئەم مۆدێلە لە ناو ئەم دە ساڵەی دواییدا بووە بە مایەی گەشەیەکی بڵند و سووی نزم بۆ سوێد. لەم دە ساڵەی دواییدا ٣٠٠ هەزار کار پەیدا کراوە. ئەمە باشە، بەڵام بەس ناکات.

### خوێندن و توێژینەوەی زیاتر

ئێمەی سۆشیالدیموکرات دەمانەوێت سوێد بەردەوام بێت لەسەر کێبڕکێکردن بە زانست و توانستەوە - نەك بە مووچەی نزمبووەوە و کاری نادڵنیایاوە. سوێد لە جیهاندا زیاترین پارە سەرف دەکات لە گەشە و توێژینەوەدا بۆ هەر سەرێك. ئێستا ئێمە ئەو ئامانجە دەخەینە کار کە یەك لە سەددا لە پوختەی بەرهەمی نەتەوەیی (BNP)، کە لە خەزێنە هاوبەشەکەمان دێتە دەر، بۆ توێژینەوە تەرخان بکرێت. ئێمە گرەوی خۆمان لەسەر توێژینەوە بە ٢،٣ ملیارد کرۆن زیاد دەکەین، ئێمە خوێندنی باڵا بە ١٧٥٠٠ جێگا فراوان دەکەین و ٩٠٠ ملیۆن کرۆن تەرخان دەکەین بۆ توێژینەوە لەسەر شیرکەتی بچووك. بۆ ئەوەی چۆنایەتی بەرزبکەین و هەموو خوێندکارێك بتوانێت بە ئامانجەکان بگات هەموو خوێندنگاکان پارەیان وەرگرتووە کە ١٥ هەزار مامۆستا و پسپۆڕی دیکە دابمەزرێنرێن. خوێندنگای ئامادەیی پیشەیی زیاتریش پێش دەخرێت، نە هەر بە تەنها لەو ڕێگایەوە کە خوێندنی مۆدێرنی مامۆستایان لە شوێنی کاردا دەست پێ دەکەین.

### زیادبوونی هێزی کێبڕکێ

بیست ساڵە هێندە شیرکەتی نوێ وەك ئێستا دانەمەزرێنراوە. ئەمە باشە و بەردەوامیش دەبین کە لەوە هاسانتریشی بکەین خەڵك شیرکەت بکاتەوە، خاوەن شیرکەت بمێنێتەوە و وەك شیرکەت پێش بکەوێت.

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 27 27 700 -08 بکە

## شیرکەتکردنی بچووک

شیرکەتکردن (کۆمپانیاداریی) دەبێت کارێکی دڵنیا بێت. لەبەر ئەوە دەمانەوێت بۆ خاوەن شیرکەتە بچووکەکان کە کۆمەکی کۆمەڵگایان پێویستە باشتر بکەین، بۆ نموونە لە کاتی نەخۆش کەوتندا. بۆ ئەوەی شیرکەتداریی بچووك هاسانتر بکەین ئێمە لە سەرانسەری وڵاتدا گرەو لەسەر ڕێنماییکردن دەکەین و هاوکاتیش لەسەر کەمکردنەوەی ئەرك و خەرجیی بەڕێوەبردن لە زیاتر لە ٣٠٠ خاڵدا. شیرکەتدارانی بچووك لە هەموو هەرێمەکان دەبێت دەستڕەسیی باشیان بە سەرمایە هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن گەشە بکەن و بتوانن خەڵك دابمەزرێنن. دوو (٢) ملیارد کرۆن گرەو لەسەر مەترسی خۆبەڕێوەبردنی سەرمایە (riskkapitalförsörjning) دەکرێت.

ئێمە هەروەها باج نزمکردنەوەی تایبەت دەخەینە کار، بەتایبەتی ڕوو لە پێداویستی شیرکەتدارانی بچووك: لابردنی باجی میرات و دیاری، کەمکردنەوەی خەرجی خاوەنکار بۆ خاوەن شیرکەتی یەك کەسیی کە یەکەم هاوکاری خۆی دابمەزرێنێت و یەك ملیارد کرۆن کەمکردنەوەی باج بۆ شیرکەتی چەندکەسیی.

لەو ڕێگایەوە کە یەك دانە ملیارد کرۆن گرەو لەسەر زیادکردنی هێزی کێبڕکێ بکرێت، لە ناو ژمارەیەکی زۆر کەرتدا کە بەتایبەتی بۆ ئابووری سوێد گرینگن، سەنگەری هێزی سوێدیی پێش دەخەین. ئەو ملیاردە دەچێت بۆ پیشەسازیی فڕۆکە و ئاسمانیی، تەختە و دارستان، مێتاڵکاریی، تەلەکۆم، ئۆتۆمبیل، ئی تێ، دەرمان و بیۆتەکنیك. لە ناو ئەو هەنگاوەچارانەدا پێکەوە لەگەڵ پیشەسازیی ئۆتۆمبیلدا گرەوێکی هاوبەش لەسەر پێشخستنی ئۆتۆمبیلی ژینگەدۆستتر دەکەین.

## دڵنیایی و ئاوەڵەیی سوێد بنیات دەنێت

خەڵکانی دڵنیا دەوێرن و بەرپرسیاریی گەورە هەڵدەگرن. دڵنیایی توانامان بە هێز دەکات کە لەگەڵدا بین و بگۆڕێین کاتێك کە جیهان دەگۆڕێت. ئەمە دەبێتە مایەی گەشە و کاری بەئەژماردتر. بەڵام ئاوەڵەییش ڕوواوڕووی جیهان و ڕووداوی نوێ هەروەها گرینگە. ئەوە تێکەڵاوییەکە لە دڵنیایی و کراوەییە کە لە ناو ئەو دە ساڵەی دووایی‌دا بوونەتە مایەی ئەوەی کە سوێد لە کێبڕکێی جیهانیدا براوەیەك بێت. ئێمە دەمانەوێت لەسەر ئەو سیاسەتە بەردەوام بین.

## بەدیل (ئەڵتەرناتیف) – سوێدێکی هەژارتر

ئێمەی سۆشیالدیموکرات دەمانەوێت بەردەوام بین لەسەر پێشخستنی مۆدێلەکەمان لە ڕێگای گرەوکردن لەسەر خوێندن، توانستی کێبڕکێ و دڵنیایی بۆ هەمووان. ئاوا بەو شێوەیە ئێمە گەشەی بەردەوامی بڵند و کاری بەئەژماردتر پەیدا دەکەین.

هاوپەیمانێتی بەرەی ڕاست دەیەوێت بە پێچەوانەوە بکات. ئەوان دەیانەوێت واز لە مۆدێلە سوێدیەکە بهێنن. ئەوان دەیانەوێت باج بۆ ئەوانە بهێننە خوار کە زۆرترین پارە پەیدا دەکەن، دڵنیایی لە بازاڕی

کاردا خراپتر بکەن، ئاستی پارەی قەرەبوو لە بیمەی بێکاری (a-kassan) و بیمەی نەخۆشیی (sjukförsäkringen) دا بهێننە خوار.

هاوپەیمانیی بەرەی ڕاست گەشەی ئابووری دروست ناکات. لە جیاتی ئەوە کەلێنی گەورە دەکەوێتە نێوان مرۆڤەکانەوە و سوێد بەرەو پاشەوە دەگەڕێتەوە.

لە سوێدی ئێمەدا دەبێت هەمووان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟